# دیمانە لەگەڵ هونەرمەند کاڵێ ... سازدانی هەڵکەوت زاهیر



هەڵکەوت: کورتەیەك لە سەرەتای دەستکردن بەکاری هونەری؟

کاڵێ: من هەر لە سەرەتای تەمەنی منالیمەوە خولیای هونەری شێوەکاری بووم و سەرەتای دەستپێکردنی کاری هونەریم بۆ بەشداریکرنم لە پێشانگادا لە ساڵانی1993/1992دا بوو، کە هونەرمەندی شێوەکار مامۆستا ئاری بابان دەرگایەکی هونەری گەورەی واڵاکردەوە، بۆ کاری هونەریم، بۆیە هەر لێرەوە لە رێگەی رۆژنامەکەتانەوە زۆر سوپاسی بەرێز کاک ئاری بابان دە کەم، هەروەها حەز دەکەم کەمێك روونکردنەوە بدەم لە سەر نازناوی هونەریم ـ **کاڵێ** ـ هەر لە سەرەتای دەستپێکردنی کاری هونەریمەوە ناوی کالێم هەلبژاردوە تەنها لەبەر ئەوەی کە حەزم کردوە بە ناوێکی "کوردی"یەوە بچمە نێو دنیای شێوەکارانە و، ناوی خۆم ناوێکی عەرەبی یە (منیرە)، کە ئەمەش لە کاتێکدا بوو گۆڤارێکی کوردی بە ناوی ـ دیدارـ دیمانەیەکی لە گەڵ سازکردم ساڵی 1993 لە ڤیستیڤالی ساڵانەی پەیمانگادا بووم.

هەڵکەوت: لە روانگەی هونەرمەند کاڵێ هونەرچی یە؟ بە چ ستایلێك کار دەکەیت؟

کاڵێ: لە روانگەی منەوە هونەر هۆکارێکە بۆ دەربڕینی راستییەکان، کە مرۆڤ لە خود و ناوەرۆکی هونەری خۆیدا زووتر هەستی پێدەکات، لە پاشاندا لە یەکێك لە شێوەکانی هونەردا پێشکەش بە کۆمەڵی دەکات، منیش لە رێگەی تابلۆکانمەوە هەوڵم داوە واقیعی ژیانی کۆمەڵگەی کوردەواری دەرببڕم، بۆ وەڵامی برگەی دووەمیش، من بە ستایلی نوێ و مۆدێرن واتە (ئەبستراکت) کاری هونەری دەکەم.

هەڵکەوت: چالاکییە هونەریەکانت لە کوردستان و لە تاراوگە کامانەن؟

کاڵێ: ساڵی 1992 بەشداری پێشانگای ڤیستیڤاڵی ساڵانەی پەیمانگام کرد

ساڵی1993بەشداری پێشانگای ڤیستیڤاڵی ساڵانەی پەیمانگام کردوە

ساڵی1994لە هۆڵی مۆزەخانەی سلێمانی بە هاوبەشی هونەرمەندان

ساڵی 1995لە هۆڵی سورکێو بە هاوبەشی هونەرمەندان

ساڵی1996لە هۆڵی رۆشنبیری بە هاوبەشی هونەرمەندان

ساڵی1997 لە هۆڵی سورکێو پێشانگای خانمان لەیادی8 ی مارسدا بە هاوبەشی هونەرمەندان

سالی2001 لە هەندەران، لە شاری شتوتگارت ی ئەڵمانیا بە هاوبەشی هونەرمەندانی شێوەکاری بیانی ئیتالی، یونانی، ئەفریقی، پۆلۆنی، چیکی، ئەڵمانیم کردووە.

ساڵی 2005 پێشانگای تایبەتی خۆم بە ناوی کارنەڤاڵی رەنگەکان لە ئەڵمانیا کردەوە.

ئێستاش کار بۆ پێشانگای تازە دەکەم، کە پێشانگایەکی هاوبە شی یە لەگەڵ هونەرمەندانی بیانیدا هەر لە شاری شتوتگارت ی ئەڵمانیا لە رۆژی 04-11-2005کاتژمێ 19:00 کاتی کردنەوەی پێشانگایە و هاتن بۆ هەموانە، شوێنی پێشانگا
Bischhof-Moser-haus
Wagnerstrasse 45

هەڵکەوت: ئاستی ئەمرۆی هونەری شێوەکاری چۆن دەبینی؟
کاڵێ: هونەری شێوەکاری خۆی لە خۆیدا هونەرێکی جیهانی و ئەنتەرناسیونالیزمی فراوانە. هونەرمەندانی شێوەکارانی کوردستانیش بە هەردوو رەگەزەکەوە وەکو هونەرو دەربرینی هونەرمەندتێیدا هاوکارە و هونەری شێوەکاری کردۆتە ئاوێنەی رەنگدانەوەی واقیعە تاڵەکانی و ئەو دیووی سنووری دەسەڵات وبیری دواکەوتووی.

هەڵکەوت: دیدی ئێوە بۆ هونەری ئەکادیمی بۆ هونەرمەندو بۆ ئەو هونەرمەندانەی بە رەوتێکی دیکە کاری هونەری دەکەن، چیە؟ وێنەیەکی پێچەوانە لە ئاوێنە هونەرییەدا، خۆیانی تیادا دەبیننەوە.
کاڵێ: هونەری ئەکادیمی مەڵبەند و لانکەی گۆشکردنی هونەرمەندە، بە واتایەکی روونتر ئەکادیمی فێربوونی بنەماکانی هونەرە، لە سەر بنچینەیەکی قوتابخانەی، هەنگاو بە هەنگا و، ئەو کارانەی ئێستا بە ئەکادیمی ناو ئەبرێن زۆربەیان هەموو پێوانەکانیان بە سەردا جێبەجێ ناکرێت، بەڵکو تێکەڵاوە لە کاری واقیعی و رۆمانتیکی و ئینتیباعی وسروشتی، ئەو هونەر مەندانەش کە بەرەوتێکی دیکە کاردەکەن، رۆڵێکی گەورەیە بەشداریکردن لە بواری هوونەری هاوچەرخدا، هونەری هاوچەرخ پیشاندانی توانای تاکە کەسە، داهێنان و تازەگەرییە، هونەری تازە، بینینی تازەیە، سەردەم، سە ردەمی خێرای یە، رۆژ بە رۆژ شتی تازە دەبینین، بە بۆچوونی من مەرج نییە هەموو هونەرمەندێك هەموو بنەماکانی ئاکادیمی شارەزا بێت، ئەو سا دەست بە کار بکات، بەڵکو لە رێرەوی ژیانی هونەریدا زۆر لەو بنەمایانە بە تاقیکردنەوە و سەرنجدان و هەوڵدان فێری ئەبێت، مەرج نیە تەنها هونەری ئەکادیمی دروستکەری هونەرمەند و کاری هونەری سەرکەوتوو بێت، بۆ نموونە من وەک کاڵێ دەرچووی پەیمانگای تەکنیکی سلێمانیم، بەشی پزیشکی.

هەڵکەوت: رەنگەکان بۆ کاڵێ ی هونەرمەند چی دەگەیەنێ؟ کام رەنگیان زیاتر لێت نزیکە؟
کاڵێ: رەنگەکان بە واتای پەیامی خۆشەویستی، بەردەوامی ژیان و خۆشەویستیم بۆ رەنگەکان منی وەک "کاڵێ"ی کردە شێوەکار... هەموو رەنگەکانم لێوە نزیکە، زیاتر رەنگی سوورم لێوە نزیکە کە ئەمەش ئەگەرێتەوە بۆ ئەو هەموو کارەساتە خوێناوی و جینوسایدانەی کە مێژووی کۆمەڵگاکەمانی پێدا تێپەریوە، لە تابلۆکانمدا تەعبیرم لە کارەساتی ئەنفال و گۆری بە کۆمەڵ، کیمیاباران، شەرە پەرۆ، شەری بەچارەنووس، سنوورە قەدەغەکراوەکان، گەرانەوەی بەهار و هتد کردوە ناو خۆ بە واتای برا کوژی و یاریکردن

هەڵکەوت: وەك ئە زموونی شێوەکارێك لە ئەوروپا تا چە ند تاراوگە زەمینە سازی بۆ داهێنان دەکات؟
کاڵێ: بە پێی ئەزموونی من وەك شێوەکارێك، ئەوروپا وە ك دەریایەك وایە کە خەڵکی ئێمە هەر لە سەر دەریاکەوە شەپۆلەکان و جوانییەکانی دەبینێت، بەڵام کاتێك کە چویتە

ناو دەریاكەوە و ناوەرۆكیمان بینی ئەو سا دەبینیت كە دەریا هەر جوانی شەپۆل و ئاوی زۆر نییە! بەڵكو هەزاران ژیانی زیندو و مردووی تێدایە. ئەگەر هونەرمەندێك لە ئە وروپا ژیانە زیندووەكان بقۆزێتەوە وەك بابەتێك سوودیان لێ وەربگرێت داهێنانەكانی زۆر پێشكەوتووتر و قوڵتردەبێت وەك لە كۆمەڵی داخراوی رۆژهەڵاتدا دەیبینی. بە بۆچوونی من ئەوروپا یەكێكە لە رەگەزەكانی داهێنان، بەڵام زەمینە سازیت بۆناكات، بەڵكو دەكەوێتە سەر هەوڵی هونەرمەندەكە خۆی..

هەڵكەوت: داوات چ چییە لە كاربەدەستانی كوردستان بۆ هونەرمەندان؟ بە تایبەت هونەرمەندی ژن؟

كاڵێ: داوام لە كاربەدەستانی كوردستان ئەوەیە كە زیاتر و زۆرتر هاودەنگی بیری ئازاد و قەڵەمی ئازاد بن، داواشم لە هونەرمەندی ژن ئەوەیە كە زیاتر دایكی گۆشكەری بیری ئازاد بن..

هەڵكەوت: دوا وتەت؟

كاڵێ: بە هیوام سەركەوتووبن، بەردەوامبن، هەر بژین، زۆر سوپاس بۆ تۆی بەڕیز بۆ ئەم بەسەركردنەوەیە.